ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# لەخشتەبردنی سیاسیی نوێنەرایەتیی کورد بۆ شاردنەوەی ئەجێندای دژە ئیسرائیلی

لوقمان ڕادپەی

کاروباری جیهانی • ناوەندی Middle East Forum



# لەخشتنەبردنی سیاسیی نوێنەرایەتیی کورد بۆ شاردنەوەی ئەجێنداتە دژە ئیسرائیلی

## لوقمان ڕادپەی

Middle East Forum

ئاپریلی 2025

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

تـــوركيا، ئێران و عێراق بۆ ڕێگریکردن لە کوردســـتانی سەربەخۆ، کوردیان لە ڕۆڵی دیپلۆمـــاتیکدا داناوە.

لە کۆمەڵکوژیی حەوتی ئۆکتۆبـــری 2023، ئیسرائیلْ خۆی لەبەردەم جەنگێکدا دەبینێتەوە کە نەک تەنیا حەمــاس، بەڵکو تۆڕبەنــدێکی ئیسلامی نــاوچەیی دەبینێتەوە. ئەم تۆڕەی دەوڵەتــان و ئــایدیۆلۆژییەکان، هەوڵی پــووچەڵکردنەوەی دەســتکەوتی بەرگــریکارانەی ئیسرائیلْ و هــاندانی هێزی دژە ئیسرائیلی لە هەمـوو جیهانی ئیسلام دەدەن و لەئاستی دەرەوەش یارمەتی بەشێک لە چەپی جیهانی دەدەن. لە میانەی ئەم بەریەککەوتـــنانەدا، هەم کورد و هەم ئیسرائیلْ خۆیان لەبەردەم هەڕەشەی هێزی هـــاوشێوەدا دەبینـن. ئەم دوو نەتەوەیە، وەک دوو هـــاوپەیمانی سروشتی، بەهۆی خەباتی هاوبەش دژ بە ئایدیالۆژییە ستەمکارەکانەوە پێکەوە گرێ دراون.

لەگەڵ ئەمەشـدا، ئەم ڕژێمانە بەشێوەی ســتراتیژیک نــاســانـدنێکی چەواشەکارانەیان بۆ کورد کردووە. لەهەمـوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت دەوڵاتـانی نـاوچەکە لە مێژە دەربڕینی پڕ لە سـوکایەتی دژ بە کـورد بەکـار دەهێـنن؛ جـنۆکە، بەکـرێگیـراو بۆ دامەزرانـــدنی "ئیـسـرائیلی دووەم"، داشی ئیێمپریاڵیزم، یان تێکدەری یەکێتی جیهانی ئیسلام. ئەم شەیتانـــسازییە تــا ئـــاســـتێک بەهۆی ڕەدکردنەوەی ئیسلامی سیاسی و ئـایدیالۆژی پـان عەرەب، پـان ئێرانی، پـان تـورکییەوە لە لایەن بـزووتـنەوەی نەتەوەی کوردەوە بـووە. لە وڵامـدا، ڕژێمەکانی نـاوچەکە هەوڵیان داوە تـا پـرسی کوردســـتان مـــاڵی بکەن، نەک بە چـــارەسەرکردن، بەڵکوو بە گـــونـــجانـــدنی لەگەڵ گێڕانەوەی

جیۆپۆلۆتیکی خۆیانـــدا. ئەوان بەردەوام هەســـتی دژە ئیسرائیلی بۆ لەقـــاڵبدان و دەســـتکاریی "نوێنەرایەتی کوردی" بەکار دەهێنن.

ئەم ڕەوتە بۆ کورد، قەیرانی نـوێنەرایەتی درووسـت کردووە. بێ دەوڵەتـبوون و گەمـارۆدانیان بە ڕژێمی دژبەر،  وایکردووە دەنگێکی جێگیر و نـــاســـراویان لە کاروبـــاری نێونەتەوەییدا نەبێت و بەرژەوەنـــدییەکانیان لەڕێگەی ئەو دەوڵەتـــانە کە وەک هەڕەشە دەیانبینن، دەپـــاڵێورێت. لە ئاکامدا ئەوەی وەک "نوێنەرایەتی کورد" دەبینرێت، بەزۆری ڕەنگدانەوەی سیاسەتی تورک، ئێرانی و عەرەبە کە بە کورد ڕووپۆش کراوە.

ئەمە ڕێکەوت نییە کە بۆ ڕێـگـری لە درکەوتـنی "ئیـسـرائیلی دووەم" وەک وڵاتێکی سەربەخۆی کوردســـتان، دەوڵەتـــانی نـــاوچەکە کوردیان لە پێگەی بەرزی دیپلۆمـــاسی دانـــاوە و هـــاوکات بەفەرمیناسینی مـــاف وئۆتۆنۆمی سیاسییان پێشێل دەکەن. هـــاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تـورکیا کوردە، عەبـدولەتیف ڕەشید، سەرۆککۆمـاری عێراق و فـواد حـوسێن وەزیری دەرەوەی عێراقیش کوردن. سەرۆکی ئێران، مەسعوود پزشکیان ئازەرییە کە لە شارێکی کوردی مەهاباد لە دایک بـووە. تەنـانەت یەکێتی زانـایانی مـوسڵمان، کە گـرووپێکی سەر بەقەتەرە و فەتـوای جیهادی دژ بە ئیسرائیل دەرکردووە، لە لایەن کوردێک بەنـــاوی عەلی قەرەداغی سەرۆکایەتی دەکرێت. ئەمە لە خۆگرتن نییە، بەڵکوو ئەمە چەواشەناساندنێکی ستراتیژیکە.

بەهۆی ئەم مانۆڕەوە، ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، بابەتی ئیسرائیلێ و وڵاتانی ناوچەکە وەک کێشەی نێوان ئیسرائیلێ و کورد دەخەنەڕوو، کوردیش بەبێ بوونی دەوڵەتی خۆیان، کەرەستەی دیپلۆماتیک و ستراتیژییان نییە بۆ خستنە ژێر پرسیاری ئەم بەلارێدابردنە. هەربۆیە ئەم دەوڵەتانە، ئەم کەلێنە دەقۆزنەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنی ڕوانگەی خۆرئاوا و بە زۆریش تیایدا سەردەکەون.

ئاکامەکان ڕوونن؛ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد، بۆ نموونە هەردوو حکومەتی کورد لە سوریا و عێراق، لەبەر هەڕەشەی ناوچەیی و جینۆساید و هەروەها پشتگوێخستنی خۆرئاوا، نەیانتوانیوە سیاسەتێکی سەربەخۆ لە ئاست ئیسرائیلێ بگرنە بەر. پشتگیرینەکردنی نێونەتەوەیی لە ڕیفراندۆمی ساڵی 2017 لە هەرێمی کوردستان، هەروەها کشانەوەی ئەمریکا لە عەفرین لەکاتی دەستدریژی سەربازی تورکیا لە ساڵی 2018 و داگیرکردنی ئەو ناوچەیە، دوو نموونەی پشتگوێخستنی پرسی کوردە لەلایەن خۆرئاواوە. نابێت بەم جۆرە بەردەوام بێت.

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەتوانن بە پشتگیریکردنی هەرێمە کوردییەکان، سەقامگیری ناوچەکە بپارێزن و ئەم دینامیزمە پێچەوانە بکەنەوە. خۆرئاوا لە ڕێگەی بەهێزکردنی نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی کوردەکانەوە، چ بە ئۆتۆنۆمی، دامەزراوەی سیاسی یان پاڵپشتی سەربازی، دەتوانێت سیاسەتی دژە ئیسرائیلی ناوچەکە دەربخات و ڕووبەڕووی ببێتەوە.

ئەو کوردانەی کە وڵاتانی ناوچەکە لە ئاستی نێونەتەوەییدا نوێنەرایەتی دەکەن، لە ڕاستیدا نوێنەری ئەو سیستمانەن کە خەڵکی خۆیان تیایدا دەچەوسێنەوە؛ ئەو سیستمانەی کە نکۆڵی لە ماف، شوناس و بوونی کورد دەکەن. لای ئەم دیپڵۆماتە باڵایانەی ئەو دەوڵەتانە، کوردستان مانای نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەش دەبێت ئاگاداری ڕۆڵی خۆیان بن. ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی جیهان لە زۆر حاڵەتدا کوردیان پشتگوێ خستووە، کوردیش دەبێت لە ئاست بەرنامەی وڵاتانی ناوچەکە هۆشیار بێت و نەبێتە کەرەستەی سەرکوتی ئەوان.

---

سەرچاوە:

https://www.meforum.org/mef-observer/the-political-hijacking-of-kurdish-representation-to-conceal-anti-israel-agendas

- د. لوقمان ڕادپەی کارناسی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەندامی هاوکاری "کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (Middle East Forum) و نووسەری کتێبی "بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ: مافی چارەیخۆنوسین لە یاسای نێونەتەوەییدا". ڕادپەی لە درێژەی یەک دەیەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرین لەسەر دۆخی یاسایی پرسی کوردستان و ڕەهەندە یاساییە نێونەتەوەییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و نەتەوەکان نووسیویەتی.